**عەرەب و سووريا و ئەسەد**

هەڵۆ بەرزنجەيی

من خۆم ئەو ناونيشانەم لە ناوەڕۆكی ئەم وتارەوە هەڵبژاردووە وتارەكە لە نووسينی (سلام كواكبی)ی سەرۆكی ناوەندی عەرەبی بۆ لێكۆڵينەوەی سياسی لە پاريس.. ناوبراو زانستكاری بواری سياسەتە!... چەند بڕگەيەكيم وەك پوختەيەك وەرگێڕاوە و كۆمێنتم بۆ زياد كردووە؟...!

ئەوەی لەژێر ناوی ريال پۆلەتيك دا باس دەكرێ كۆمكاری عەرەبی دەيەوێ پەيوەندييەكانی لەگەڵ سوريادا ئاسايی بكاتەوە..شتێكی سەيروسەمەرە نييە بەڵكوو چاوەڕوانكراو بوو.!

ئەم هەنگاوە هيچ لە كێشەكانی مافی مرۆڤ و تاوانەكانی جەنگ و دزی گەندەڵی و بە كۆيلەكردنی خەڵكی لە لايەن رژێمی سوورييەوە لەبەرچاو نەگرتووە...

پارە لە بری دادپەروەريی..

سووريا بەس پارەی دەوێ خۆ بەنياز نييە دادپەروەری پێڕەو بكات... وڵاتە عەرەبييەكان پشتيوانی لە ديكتاتۆر دەكەن و هاوسۆزيانن..بۆيە لەباوەشگرتنەوەی ئەسەد جێی سەرسوڕمانی سياسەتی عەرەبی نييە..

كۆمكاری عەرەبی كە لە ١٩٤٥ دامەزراوە، رێكخراوێكی بەسەرچووە و بۆتە ڕەشماڵی كۆكەرەوەی ديكتاتۆرەكان!... كە لە پرۆسەی بنياتنانی دەوڵەتی نەتەوەيی دا شكستيان خواردووە..

بنۆڕن مۆدێلەكانی دەوڵەتی عەرەبی : پاشايی، كۆماری و ميرنشينی بەم فۆڕمە جياوازانەوە هيچيان پشتيوانی ديموكراسی ناكەن ..

عەرەبەكان ئەم هەنگاوی ئاساييكردنەوەی پەيوەندييان لەسەڵ ئەسەددا بەستۆتەوە بە ٣ مەرجەوە:

**يەكەم:** هەژموونی سياسی و ئابووری و كۆنترۆڵكردنی سووريا لەلايەن ئێرانەوە كۆتايی پێ بێت.

**دووەم:** ئەو چەکدارانەی خەریکی بەرهەمهێنان و بازرگانی ماددەی هۆشبەرن - کە خودی بنەماڵەی ئەسەدە. هەڵۆ- و بۆ برا عەرەبەکانی لە وڵاتانی تر دەنێرن دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت..

**سێیەم:** گەڕانەوەی ملیۆنەها پەنابەر لە وڵاتە عەرەبییەکانی دراوسێ فەراهەم بکرێ... ئەسەد ئەمەی گاڵتەجاڕانە بۆ ئەوەی خۆی بەخوێنی رژاوی خەڵک پاک بکاتەوە جێبەجێ کرد:

لەگەڵ ئێران گرێبەستی ئابووری درێژخایەنی بەست . بۆ دڵنیاکردنەوەی وڵاتە عەرەبییەکانیش سنوورەکانی توندوتۆڵ کرد بەرووی پەنابەران دا.. ئەوانەی دەگەڕێنە دەخرێنە زیندانەوە... وتارە دێتە سەر ئەوەی کوا هەڵوێستی نێودەوڵەتی و ئەمەریکا، یەکێتی ئەوروپا کاتێ بەشار چەکی کیمیاوی بەکارهێنا؟! ئەی بۆ هیچ بەرانبەر جەنەڕاڵ (علی مملوک ) بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی سوریا نەکرا کاتێ ٢٠١٨ هاتە رۆما و رۆژنامەی Le Mondeئاشکرای کرد...

ئەوروپاییەکانیش هەڵوێستیان لەرزۆکە..

کەمێک لە وڵاتانی ئەوروپا هێشتا سوورن لەسەر هەڵوێستی پێشوویان فەرەنسا بە نموونە: داواکاری سیاسی گەورەی لە سووریا هەیە.بە کورتی ئەوەی زەرەرمەند و دۆڕاوە ملیۆنان خەڵکی سووری پەنابەر و ماڵکاوبووە... ئەمە پانۆڕامایەکی گشتی دۆخی سووریا و ڕژێمەکەیی و هەڵوێستی دەوڵەت و کۆمکاری عەرەبی و ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهانە، جیهانێ ئێران و چین و رووسیا تێیدا باڵادەست بن! دەبێ چ جیهانێک بێت بۆ بندەست و هەژاران؟!

بەتایبەت هەڵوێست لەسەر دیکتاتۆری و خوێنڕێژی و میللەتانی هەژار و بەلەنگاز